cyan magenta yellow black File: P.7 fl ˙ Æ˝ ” 1





# سەرۆک بارزانی سازشی لەسەر خواست و ئیرادەو مافی خەڵکی کوردستان نەکرد



**هیمداد عەبدوڵڵا خۆشناو**

جەنابی سەرۆک بارزانی لەگەڵ ئەوەی لەناو شۆڕش لەدایک بووەو لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە پێی گرتووە و هەموو ژیانی تاقیکردنەوەی هەوراز و لێژی بووەو لە زمانی شاخ و شار باش دەزانێت، لەهەمانکاتدا کەسایەتیەکی کارێزماو دبلۆماسییەو خاوەن هێزی بڕیاردانە.

جێگای ئاماژە پێدانە ڕۆلیکی کاراو کاریگەری هەیە لەسەر ئاستی جیهان بەگشتی و لەناوچەکە بەتایبەتی، هەربۆیە پێش ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان کە لە 25 ئەیلول ئەنجامدرا، هەندێک وڵات کاریان دەکرد بۆ دواخستنی ڕیفراندۆم و گوشاری وڵاتەکانیان زیاتر دەخستە سەر سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و بەتایبەت سەرۆک بارزانی، بەدەیان لوغم و هەڕەشەی جۆراوجۆر و نەگونجانی کات و ... هتد، دەخستە ڕوو بۆئەوەی ئەم پرسە دوابخەن وە هیچ بەدیلێک و زەمانەتێکیشیان بەکورد نەدەدا!.

دواجار جەنابی سەرۆک بارزانی و سەرکردایەتی کوردستان بڕیاریاندا کە لە ژێرهیچ گوشاریک و هەرەشەیەک ئامادەنین گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی دوابخەین کاتێک هیچ بەدیلێک بە قورسایی رفراندۆم مسۆگەر نەبێت، لەکاتی بانگەشەی ڕیفراندۆم لەناو هەزاران کەس لە ئاکرێ سەرۆک ڕایگەیاند "مادام ئەو وڵات و کەسانە حیساب بۆ ڕەئی ئێمە ناکەن، ئێمەش هیچ حیسابێک بۆ ڕەئی ئەوان ناکەین و ریفراندۆم دواناخەین" و ئامادەنەبوو سازش لەسەر خواست و ئیرادەو مافەکانی خەڵکی کوردستان بکات. جگە لەمەش زۆرجار جەنابیان دووپاتی دەکردەوە کە ئامادەیە سەری خۆیی لەپێناو سەربەخۆیی کوردستان دابنێت، هەروەها لە دوا ڕۆژی بانگەشەی گشتپرسی لە کەرنەڤالی سەربەخۆیی لە هەولێری پایتەخت جەنابیان لەبەردەم نزیکەی 200 هەزار هاوڵاتی و میدیاکان فەرمووی "من ئەو کەسە نیم خۆم شەرمەزاری میللەتی خۆم بکەم". بارزانی ئەو سەرۆکەبوو لەپێناو ئازادی و سەربەستی و ئایندەی خەڵکی کوردستان گوشارو کاریگەری هیچ وڵات و هێزێکی قبوڵ نەکرد، لەپێناو سەربەخۆیی کوردستان و گەیاندنی میللەتەکەی بە کەناری ئارام و خۆشبەختی و دەستەبەرکردنی مافی چارەی خۆنووسین کە مافیکی شەرعی و یاسایی خەلکی کوردستانە، کە سەد ساڵە خوین ئەڕیژین لەوپێناوە، سەرۆک بارزانی بە پشتبەستن بەئیرادەی میللەتەکەی و بەسیاسەتی حەکیمانەی خۆی ریفراندۆمی کردە واقع و دڵنیاشین ئەنجامەکەی دەکاتە مژدەی ئازادی وسەربەخۆیی یەکجارەکی بۆ خەڵکی کوردستان، باوەڕ و بروای تەواومان لێهاتوویی و شیانەکانی جەنابیان هەیەو شانازی دەکەین کە خاوەنی سەرۆکیکین وەک سەرۆک مسعود بارزانی.

# دابەشکردنی عێراق بە شێوەیەکی پێشەگەرانە

**عومەر ئەلخەتیب**

وای لێهاتووە لەم ڕۆژگارەدا، هەرچی دەربارەی دابەشبوونی عێراق بنووسین، کە گشتپرسی برا کوردەکانی بۆ سەربەخۆیی هەرێمەکەیان لە عێراق بەخۆوە بینی. مەسەلەکە پێویستی بە وردبوونەوە دەبێت، بۆیە دەبێت وڵاتانی عەرەبی بە شێوەیەکی نالایەنگیرانە لە بابەتەکە بگەن و بە شێوەیەکی زانستی و بە ئاگاوە، گفتوگۆ لەسەر بابەتەکەدا بکەن، لە جیاتی گۆڕینەوەی لێدوان و تویتەکان بەلای ڕاست و چەپدا، ئەو تویتانەی ئەگەر روون بکرێتەوە، هەڵوێستی پشێوی عەرەبی دەردەخات، لەسەرەتای دروستبوونی جامیعەی عەرەبییەوە تاکو ئەمڕۆکە.



پێشتر وتوومە دابەشبوونی هەر وڵاتێکی عەرەبی، ڕەتکراوەتەوە و نابێت، ئەگەر ئەو وڵاتە سەقامگیر بێت و کار لەسەر پشتیوانی ئاسایشی نەتەوەیی عەرەبی بکات، هەرچی عێراق و لوبنانە، ئەوان ئەگەری تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی عەرەبیان لەپێشدایە، چونکە چەندین میلیشیای ئێرانی عێراقی لە باشووری عێراق، مەشق بە تیرۆریستانی بەحرێنی و یەمەنی دەکەن و وا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن، وەکو ئەوەی کەسانی دانا و ژیر بن، با چەندین پۆلیس و سوپاشیان لەو وڵاتانەوە کوشتبێت، هەرچی کوشتنی کەسانی مەدەنی سووری و تیرۆرکردنیشە لە لوبنان، هەر باسی مەکە.

تێناگەم لەبەرچی ئەو هەموو هەستیارییە بەرامبەر سەربەخۆبوونی کورد هەیە، ئایا لەسەر کورد نوسراوە، تاکو ڕۆژی زیندووکردنەوە لەژێر بەزەیی گەلانی دیکەدا بژین؟ بەڵکو هەرێمی کوردستان هەر خۆی سەربەخۆیە، سەرۆک و سەرۆک وەزیران و وەزیر و پەرلەمانی هەیە، بە خوا سوێندتان دەدەم، ئەو هەرێمە چی ماوە تاکو بە دەوڵەت ناوی بنێین، یان هەستیارییەکە لە هەڵوێستی ئێران و تورکیا لەگەڵ کوردەکانیان سەرچاوەی گرتووە؟ دەمەوێ ئەو عەرەبانەی بانگەشەی یەکپارچەیی و لایەنگرانی دەکەن لە عێراق، لەبیریان بێت شیعەکانی ئەهوازی عەرەبی داگیرکراوە، ئەدی چۆن شەو و ڕۆژ پەنا بۆ شا سەلمان شای سعودیە دەبەن، هەروەها دەمەوێ ئەوانە لەبیریان بێت، شۆڕشی سەوز کە خودی گەلی ئێران بەرپای کرد، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی مەلاییەکان لە کۆڵی خۆی بکاتەوە، بەڵام بەهۆی ستەمی ناڕەوا، کە گەلی ئێران تووشی هاتووە شکستی هێنا، تەواو هاوشێوەی ئەوەی بەسەر گەلی سووریا داهات، کە ڕژێمی ئێران ستەمی لێکرد. لە وتارێکی پێشوومدا باسی فەلوجە و چۆنیەتی کوشتنیم دوو جار کردووە، جاری یەکەم ئەوکاتەی دەرفەت نەدرا، کۆمەڵگەیەکی لێبوردەی ئایینی بنیات بنێ، بەڵکو هەزارەها مزگەوت قووت کرایەوە، تاکو وای لێهات لەنێوان هەردوو مزگەوتدا، مزگەوتێک هەبوو، واتە ئێمە پشتمان لە فەرمودەی خوا کرد "ئەی خاوەن کتێبەکان زیادەڕەوی لە ئایینەکەتاندا مەکەن"، زیادەڕەوی لە فەرمودەکانی پێغەمبەریش (دروودی خوای لێبێت) هاتووە، کە هۆشداریی لە مەترسی رووچون بە قووڵی بۆ نێو ئایین داوە، هەرچی جاری دووەمە، کە فەلوجەی تێدا کوژرا، ئەوکاتە بوو کە هیچ پەیمانگەیەکی تەکنیکی یان زانستی تێدا دروست نەکرا، کە بتوانێ هەلی کار برەخسێنێت، بەڵکو کارگێڕی ئابووری لە عێراق بە گشتی، زۆر لە سیاسەتی ئابووری ستەمکاریی نزیکە، کە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی خستییە ڕوو، کە خۆیشی لە ڕووی ئابوورییەوە شکستی هێنا، ئەوەش شتێکی گرنگە، چونکە هەر بیردۆزێک لەسەر بنەمای زیادەڕەوی بنیات بنرێ، چ ڕاستڕەو یان چەپڕەو بێت، شکست دەهێنێت.

کەواتە ئێمە وەکو سوننەکانی عێراق (بۆ زانین عێراق پێش سەد ساڵ، زۆربەی دانیشتوانی سوننی بوون)، هیچ هیوایەک لە سیستەمی سیاسی و ئابووری نابینین، کە تێکەڵەیەکە لە بیردۆزی بەعس و بیردۆزی وەلی فەقیە، ئێمە هەردوو بیردۆزەکە ڕەت دەکەینەوە و دەمانەوێ دەسەڵاتێکی دەستوری بنیات بنێین، دوژمنکاریشمان لەگەڵ کەسدا نییە، بەڵکو دەمانەوێ بە ئاشتی بژین، کە زانست و بنیاتنان دروشمان بێت، جیابوونەوەش لەو عێراقە ڕێگەمانە، بۆ ئەوەی بە مەبەستە باڵاکەمان بگەین.

## هەڵوێستی جامیعەی عەرەبی

دڵمان دەگوشرێت کاتێک گوێمان لەو ئاگادارییەی جامیعەی عەرەبی، لەسەر زمانی سەرۆکەکەی دەبێت، بەوەی ئەوان لەدژی دابەشبوونی هەموو وڵاتانی عەرەبین، ئەوەی ئەو سەرۆکە دەیلێ، تەواو هاوشێوەی ئەو پزیشکەیە، کە هەمان چارەسەری بۆ هەموو نەخۆشەکانی بنووسێت، هەتا ئەگەر ببێتە هۆکاری کوشتنی هەموشیان، ئەوە ڕەوشی جامیعەی عەرەبییە، کە هیچ نابینێت و نابیستێت، لە جیاتی گریان بۆ ڕۆهینگا (موسڵمانانی بۆرما)، باشتر وایە بۆ پاشماوەی عێراقی عەرەبی بگرییێت، کە ڕۆژانە بە شێوەیەکی قووڵ و گەورە بە فارس دەکرێ، ئەوەی ژێر بێت تێدەگا مەبەستمان چییە.

## ڕەهەندی ئابووری لە عێراقی دابەشبوودا

سەبارەت بە شیعەکان، زۆربەی نەوتی عێراق دەکەوێتە ناوچەکانی ئەوانەوە، بۆیە هیچ مەترسییەک لە سەر ئابوورییاندا نییە، شاری بەسرە ئەوەندەی نەوت هەیە، کە وا دەکات دەوڵەمەندترین پارچە زەوی بێت، هەرچی کورد و سوننەیە، کورد دەبێت لە شتێکی گرنگ بگەن، پارێزگای کەرکوکی دەوڵەمەند بە نەوت، دەتوانن لەگەڵ سوننەکان لەسەر دابەشکردنی داهاتی نەوتی کەرکوک ڕێک بکەون، کورد دەبێت ئەوەش بزانن، هیچ شتێک ئەو ڕەوشە ناگۆڕێت، هەرچی ئەو نەوتەیە کە لە نێو هەرێمی کوردستان یان هەرێمی سوننەکان دایە، ئەوە کاروبارێکی ناوخۆیی کوردی و سوننییە، بەم شێوەیەش کوردو سوننە دەوڵەتی خۆیان بنیات دەنێن، بەمەش هەموو بە ئاشتی و بەبێ تیرۆر دەژین.

## پوختەی وتەکان

بۆ جاری هەزارەم بە هەندێ سەرەکردەی عەرەبی و زۆربەی سەرکردەی سوونەکان لە عێراق دەڵێم، ئێمە شێوازەکانی ئێوە ڕەت دەکەینەوە، چونکە وا دیارە، هەڵوێستی سیاسەتکارانی سوننە، کە بۆ یەکپارچەیی عێراق دەگرین، یان لەبەر ترسە یان گەفلێکردنە، یانیش چاوبڕینە لە پاداشت، کە ئێران بەڵێنی پێدوان، ئەوەش شتێکی مەترسیدارە و دەبێت ئاگامان لێی بێت. ئێمەی ڕۆڵەی گەلی سوننەی عەرەبی لە عێراق، دەمانەوێ ڕزگارمان بێت. هەرچی هەڵوێستی عەرەبییە، هەڵوێستێکی شەرمنانەیە لەنێوان تێگەیشتوو لە هۆکارەکانی دابەشبوون و ڕەتکەرەوەی دابەشبووندا، لە ئاکامی ناڕوونی تێڕوانین، یان لە ئاکامی ملکەچبوون بۆ ویستی ئێران و تورکیا، بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ.

**و: ڕەمزی میرەکانی**

**سەرچاوە:**
**www.elaph.com**

# دوای ڕیفراندۆم گرنگترە لە پێش ڕیفراندۆم



**سامان حەمەدەمین**

هۆکارەکانی سازکردنی ڕیفراندۆم ئاشکراو روون بوون کە بە گشتی کۆتایی هێنان بوو بەستەمکاری و ئاڵۆزیی و پرک یشەی ئێراق لەگەل کوردستان، سەرچاوەی ئەو پێشێلکاری و اوانانەش ئێراق بوو کە بەدرێژای چەندین سال و لە چەندین بوارو سێکتەر دەرهەق کوردستان ئەنجامی دابوو، بەرێوەچوون وێ ئەنجامی ریفراندۆمیش ديارو ڕوونتربوو بەسەرکەتووی تێپەری، ئەو مەزەندە و مەترسی و هەڕەشانەی باسی لێوەدەکرا هیچییان دروست دەرنەچوون، چونکە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەو ڕاستییە مێژوویە گەیشتووە کە کورد نەتەوەیەکی ستەملێکراوە، مافی خۆیەتی سەربەخۆ بێت ئیتر ئەگەر کاتەکەیان پێ گونجاو نەبووبێ ئەوە بەو مانایە نییە کە هەموو ڕاستییە مێژوویەکان و ریفراندۆم ڕەت بکەنەوە و دانی پێدانەنرێ، تەنانەت دوای ڕیفراندۆم هەڵوێستی تەواوی وڵاتانی بڕیاربەدەست ئاشکراو روون بوو، هەموو ئاماژە و ئاراستەکان بەرەو ئاشتەوایی و دوورکەوتنەوەبوو لە سزاو شەڕو هەڕەشە، جەنابی سەرۆک بارزانیش لە تەواوی وتارەکانی بانگێشەی ریفراندۆم و دوای ریفراندۆم جەختی لەسەر ئاشتەوایی و گفتوگۆکرد، کە بووە ئەنجامێکی باش و ئاسایشێکی سەقامگیر بۆ ئێراق و ناوچەکەو دوارۆژ بەگشتی، ئەمەش خۆی لەخۆیدا داننانە بە ڕا و بڕیار و ئەنجامی ڕیفراندۆم، ئیتر ئەگەر ئێراقێکی بێ ئەزموون و تەسک بین لە پرۆسەی سیاسی نێودەوڵەتی و بوونی حکومەت و دەسەڵاتێکی تایفەگەری ڕەگەزپەرست وابکات کە ماف و پیرۆزییەکانی نەتەوەیەکی خاوەن مێژوو هەموو تایبەتمەندی خۆی لەبەرژەوەندی تەسکی خۆیدا بدۆزێتەوەو بتوێنێتەوە ئەوە دووچاری هەڵەیەکی مێژووی هێندە مەترسیدار دەبێت کە هیچی کەمترنەبێت لە تاوانی دەسەڵاتدارانی سەد ساڵی ڕابردوو کە ئێراقیان بە ئاگر و ئاسن بەڕێوەبردووە، هاوکات خۆیان دەهێلنەوە لەو دابڕان و پێشکەوتنە مێژوویەی نێوپرۆسەی نێودەوڵەتی کە ئێستا هەموو دەسەڵات و گەل و نەتەوەکان بەرەو دیموکراسییەت و مافی مرۆڤ ئازادییە گشتیەکان و سەربەخۆبوون دەچن، بۆیە لەدوای ریفراندۆم بەڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ درەنگ یان زوو هەڵوێستی نێودەوڵەتیمان زانی هەر لە ڕوسیا، ئەمەریکا، بەریتانیا، فەرەنسا هەریەکەیان هاندەری باش بوون کە ئەنجامی ریفراندۆم ئاشتی و ئارامی و گفتوگۆ بەدوای خۆی بهێنێ نەوەکو سزاو شەڕ. وڵاتانی دراوسێش کە بەشێکن لەچارەسەری پرسی کورد نەیانتوانی هیچ سزاو هەڕەشەیەک بەسەر کوردستان جێبەجێ بکەن، ئیتر ئەگەر ئێراقێکی بەناو دەوڵەت! توانی بەرەنگاری هەڵوێستی نێودەوڵەتی و ڕەتکردنەوەی مافە مرۆیی و مێژوویەکانی کورد ببێتەوە و ئاشتی و ئاسایش ڕەت دەکاتەوە، ئەوە هۆیەکەی شۆڤێنیەت و ڕەگەزپەرستی عەقڵی سیاسی عێراقە، بۆیە تا ئێرەو ئێستا پرۆسەی ڕزگاری نەتەوەیی وس ەربەخۆی باش تێپەریوە لەگەل هەموو تایبەتمەندییەکانی ئێستا، ەبوونی حکومەتێکی سەربەخۆ دوور لە دەست تێوەردانی ئێراق، بوونی ئاسایش و ئارامی، ئابوورییەکی بەرجەستەو دەوڵەمەند، پەیوەندییەکی دۆستانەی فراوانی نێودەوڵەتی، دواترینیان سازدانی ڕیفراندۆم پایەو بنەمای گرنگن دەوڵەتێکی داهاتووی سەرکەوتوویی لێ دروست بێت، بەڵام چۆن؟ ئەوە ئەو ئەرکە گرنگەیە کە وادەکات دوای ڕیفراندۆم گرنگتربێت لەپێش ڕیفراندۆم، واتا ئەرکەکانی دوای ڕیفراندۆم گرنگتربن لەپێش ڕیفراندۆم بۆیە پێویستە بۆ داهاتوو هەولی هەموو لایەنەکان ئاڕاستەی گرنگتر وەرگرن بەرەو سەربەخۆبوون و خۆدامالن لە دروشمە ئێراقیەکان و خزمەتی ئێراقچیەتی، ئیتر بە هەنگاوبێت یان بەڕاستەوخۆ، ئەوە گرنگ نییە، ئەوەی گرنگترە دەبێت هەموولایەکمان ئەو ڕاستییە بزانین و تەنانەت پابەندبین و پەیرەویشی بکەیین ئەوکارو خەبات و هەوڵ و مافانەی کاری لەپێناو دەکەین بۆ سەربەخۆبوونی کوردستان بێت.

بۆیە دەبێت هەمولایەنە کوردستانییەکان بەهەموو ڕیکخراوەج ەماوەری و پیشەیی و مەدەنییەکان ئەو ڕاستییە بزانن کە چی گرنگ و پێویستە بۆ یەکخستنی ناوەخۆ و وەلانانی ناکۆکیەکان و هەموو جیاوازیەکان بسڕنەوە، هەروەک جەنابی سەرۆک بارزانی لە داوایین هەڵمەتی بۆ سەرختنی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان فەرمووی: (پاش ئەنجامدانی ریفراندۆم ئینجا گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا دەکەین بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاشتیانە ببین بە جیرانی باش). بێگومان قۆناغی پاش ریفراندۆم قۆناغێکی سەخت دەبێت و پێویستە ئێمەی خەڵکی کوردستان لەم قۆناغەدا ماندوو نەناس و خۆراگربین.